www.kurdistannet.org
26/06/2003 19:54

# بەعسیزم لەسیستەمی پەروەردەدا

## دارشتنی مامۆستایەك وەك نموونە

هێمن هەورامی

ئەگەر (سیاسەت) لەڕووی چەمكو لەڕووی كرداریشەوە هونەری بەمومكین كردنی نامومكینەكان بێت، ئەوا (پەروەردە) ئەو پانتاییە فراوانیە كەئیش لەسەر (ئێستا) ، بۆ دیاریكردنی (ئایندە) دەكات، بۆیە سیستەمی (پەروەردە) دەتوانرێ وەك كۆیەكو گشتێك، ئێستایەكی باش بۆ ئایندەیەكی گەشدار، فەراهەم بكات. ئەگەر بەعسیزم، كەلتورێك بێت (بەعس) و (سەدام) ی لێ بەرهەم هاتبێت، ئەوا كاریگەریەكانی بەعسیزمو ئامانجە بینراوو نەبینراوەكانی ، ئەو جیهانەن، كە پیرۆزی تەنها بۆیەك كەسەو كوشتنی پرسیار بەمەبەستی یەكسختنی وزەكانی پێگەیشتن، لەو میكانیزمە سەرەكیانەن كەبەعسیزم لەسیستەمی (پەروەردە) دا كاری بەردەوامی لەسەركردووە، چونكە لەرێگەی پیرۆزكردنی كەسێك كە لای بەعس (سەدام) بووەو لەرێگەی كوشتنی پرسیارو زەوتكردنی ئیرادەدا، ئەوا بەعسیزم، لەئێستاو ئایندەدا كارلەسەر دووبارە ئەستور كردنی باسكەكانی خۆی دەكاتەوە. ئەگەر (قوتابی ) و (مامۆستا) و (مەنهەجەكانی خوێندن) ئەو سیانەیەبن، سیستەمی پەروەردە پێك بێنن، ئەوا سروشتی پەیوەندیەكانی ئەو سیانەیە، دواجار سروشتی سیستەمی پەروەدەیی دەردەخات. بەعسیزم وەك كەلتورێك لەداپلۆسینو زەوت كردنی ئیرادە، وەك پانتاییەك بۆكوشتنی پرسیارو پەكخستنی گەڕیدەیی ئینسانەكان، وەك هێزو جەبەروتێك بۆ كوشتنی ڕۆحە یاخیەكانو لەخەیاڵ خستنی ئینسانەكان، بەردەوام ئیشی لەسەر كۆنترۆڵی هەریەك لەو سیانەیە كردووە، چونكە بەعسیزم بەئیش كردنی لەسەر سیتسەمی پەروەردە، ئیش كردنی بووە لەسەر تەواوی كۆمەڵگا. كرۆكی ئیش كردنی بەعسیزم لەبواری پەروەردەدا (چوون یەك كردنی كۆمەڵگا) ونەهێشتنی (دەنگو ڕەنگ وڕای جیاواز) بووە، بۆیە دەبینراو دەبینرێ، (مەنهەجەكانی خوێندن) بەجۆرێك داڕێژرابوون كە لەیەك كاتتدا (قوتابی ) و (مامۆستا) یشی پێ كۆنترۆڵ دەكردو لەوانیشەوە كۆمەڵگا. ئیشی دووەمی بەعس لەبواری پەروەردەدا، نەرەخساندنی هەموو ئەو بوارو هۆكارانە بوون، كەبواری بۆ بیركردنەوەی نوێو زیانی نوێو بوونی نوێ لەدەرەوەی بەعسیزم، دەهێنایە دی . لێرەوە لەرێگەی كارو میكانیزمی جیاجیاوە، پیشەی مامۆستای دەكردە پیشەی بەرپرسێك كەئەركی بەجێ گەیاندنی ئامانجەكانی بەعسیزمە، لەكۆنترۆڵ كردنو نەهێشتنی ئیرادەو پرسیاری قوتابی دا، بۆیە بەهیچ كلۆجێك لەبەعسیزمدا پەیوەندی نێوان قوتابی و مامۆستا، پەیوەندیەكی سروشتی نەبووەو ئەو پەیوەندیە خۆی لەشێوە پەیوەندی (ئەفسەرو سەرباز) یان تەنانەت (خاوەن كۆیلەو كۆیلە) دا بینیووەتەوە.


ئەم كەلتوورەی بەعسیزم لەبواری پەروەردەدا، لەدیدگای (موتڵەق گەرایی ) و (تۆتالیتاریەت) ی بەعسزمەوە بوو، كەباوەڕێ بەهیچ (حەقیقەت) ێك لەدەرەوەی (حەقیقەتی بەعسیزم) نەبوو، بۆیە ئەوانەی كاریان بۆ گۆڕینو نەهێشتنی ئەو مۆدیلەی بەعس كردبێ، بەگومڕاو ناپاك لەقەڵەم دراوە كەجگە لەكوشتنو لەنێو بردن، سزای دیكەی بەسوك بۆ دانراوە. لەهەموو ئەمانەشەوە، لەوە دەگەین كەبەعسیزم چی لەڕەوتی كۆمەڵگا كردووە. كۆمەڵگای ئێمەش، وەك بەشێك لەوكۆمەڵگایەی كەبەعسیزم، كاری چڕو پڕی بەو ئاراستانە بۆ ماوەیەكی درێژ لەسەر كردووە، بەدەرنیە لەمانەوەی كاریگەری و ئاسەوارەكانی بەعسیزم، ئەگەر قسەش لەسەر ئەوەبێت كە لەماوەی ١٢ ساڵێ ئازادیدا، چی بۆ نەهێشتنی كەلتووری بەعسیزم كراوە؟ ئەوا رەنگە لەبەرامبەر فراوانی كاریگەری بەعسیزمدا، هەنگاوەكانی دیكە بچووكو كەم كاریگەربووین.

گۆڕانی ڕیشیەیی لەسیستەمی پەروەردەدا، لەوەدانایەت كە رێژەی كتێب زۆر چاپ بكرێ و تەختەڕەشو كورسی و تەباشیر بۆ قوتابخانەكان دابین بكرێ، بەڵكو گۆڕانی بنەڕەتی لەوەوە دەست پێ دەكات كەهەڵسوڕێنەرانی پەروەردە، چ فەلسەفەو ئەركێك لەبواری پەروەدەدا وێنا دەكەنو بەچ مۆتیڤێكەوە، پلان بۆ پەروەدە دادەنێن، بۆیە دەروازەی گۆڕانەكان لەم بوارە هەستیارەی كۆمەڵگادا، لەسەرەتاوە لەمەنهەجی خوێندنو شێوازی كاری مامۆستایی و ئەو پەیوەندیانەوە دەبێت كەلەنێوان مامۆستاو قوتابی دا دێنە ئارا. جگە لەوەش، مەسەلەی گۆڕان لەسیستەمی پەرەوەدەدا پێداچوونەوەی تەواوی دەبێت بەسەرلەبەری ئەو ڕێو شوێنانەی كە مامۆستایانی ئێمە لەبواری پەروەردەو فێركردندا گرتوویانە تەبەر، واتە دەبێ هەمیشە مامۆستا مەبەستە ئایدیۆلۆژی و باوەڕیە سیاسی و حیزبیەكانی خۆی لەبواری پەروەردەدا پراكتیزە نەكاتو لەگۆشەنیگایەكی پەروەردەیی مۆدێرنەوە، كاری مامۆستایەتی خۆی بكات.

لێرەوە ئیتر بەپێویستی دەزانم، كە نموونەی دارشتنی مامۆستایەك باسبكەم، كەلێیەوەكەمو كوڕیەكانی بواری سیستەمی پەروەردەی ئێمەی لێوە بەئاسانی وەدەردەكەون مامۆستای یەكێ لەدوا ناوەندیەكانی كچان لەشاری هەولێر دارشتنێكی بەناو نیشانی (حریە العراق) بۆ قوتابیەكانی نووسیووە تاوەكو ئەزبەری بكەنو لەتاقیكردنەوەی (بەكالۆریا) دەقاو دەق بینووسنەوە. پێش هەموو شتێ، سەقەتی لەوەوەیە كە قوتابی ڕاهێنراوە (دارشتن) ئەزبەربكاتو بەخۆی توانای ئەوەی نەبێت، لەسەر پرسێك لەپرسەكانی ژیان، چەند دێرێك بنووسێت، لەوەش هەڵەتر ئەوەیە كەمامۆستایەك تێڕوانینە شەخسیەكانی خۆی بۆ گۆڕانێك یان مەسەلەیەك، بخاتە چوارچێوەی دارشتنێكو دواجار بیداتە قوتابیەكان تا ئەوانیش لەوەڵامی دارشتنی كۆتایی ساڵدا بینووسنەوە، چ جای ئەوەی ئەو تێڕوانینانەی لەدوو توێی ئەو دارشتنەدا رێزكراون، بەبەروارد لەگەڵ تێڕوانینەكانی (صەحاف) و شۆڤێنیزمە بەعسیەكاندا هیچ جیاوازیەك شك نابەین.

بەنموونە پرۆسەی ئازادی عیراق بەلای ئەو مامۆستایە، دروشمێكە كەئەمریكا بەكاری هێناوە تاوەكو (شەڕێ سێیەمی ) خۆی دژ بەعێراق ئەنجام بدات، هەروەك لەدارشتنەكەدا هاتووە (... جاءت هذا الحرب تحت شعار حرية العراق وهي الحرب الثالثة على العراق) جگە لەوەش مامۆستاكە بەمەبەست بوو بێت یان بێ مەبەست،هەمان قەوانی بەعسیەكانی لێداوەتەوەو

**هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەمریکای بۆ مەسەلەی بەرژەوندیە سیاسی و ئابووریەکان گەڕاندۆتەوە لەوانە ئەمنی ئیسرائیل** (وانتصر امريكا على العراق لاسباب نعرفها جيدا ان لم نتجاهلها، منها رعاية مصالحها الاقتصادية والسياسية في المنطقة، وكذلك تأمين حماية امن اسرائيل( **جگە لەوە ئەومامۆستایە واوتر چووەو بۆچوونەکانی بەعسی گوتووەتەوە لەوەی کەتەنها گوایە عێراق توانیویە لە (نیشتمانی عەرەب)!! هاوسەنگی هێز لەگەڵ ئیسرائیل ڕابگرێ. .** ) وكذلك انهاء توازن القوة في الوطن العربي لقوة اسرائيل لان الدولة الوحيدة في الوطن العربي كانت هي العراق بوحدها لديها توازن القوة مع اسرائيل). **کارەساتە کە لەوەدایە، کەمامۆستایەکی کورد لەکاتی دارشتنێکدا بۆ قوتابیەکانی لەمەڕ (ئازادی عێراق) کۆتایی هاتن بەرژێمی بەعسو ئەنفالو کیمیابارانو گۆڕی بەکۆمەڵ لەوەدا کورت بکاتەوە، کەئەمریکا بۆ بەرژەوەندی ئیسرائیل ڕووخاندوویەتی !! کارەسات لەوەدایە کەقوتابیان چ گوناهێکیان هەیە کەپا ش١٢ ساڵ ئازادی و تەنانەت پاش ڕووخانی رژێمی بەعس، هێشتا کەلتوری بەعسیزمیان فێردەکرێ، کارەسات لەوەدایە کەهێشتا (١٢) ساڵێ ئازادی (مامۆستا) یەکی فێری ئەوەنەکردبی ، عێراقی سەردەمی بەعس، جەهەننەمێکەو رزگاربوون لێی ، سەر لەنوێ لەدایک بوونەوەی وڵاتێکە، کارەسات لەوەدایە کەوەزارەتەکانی پەروەردە لەسلێمانی وهەولێر پەییان بەوە نەبردبێ کەلەم سەردەمی ئازادی و رزگاریەدا هێشتا (مامۆستایەک) بەو شێوەیە لە (حريه العراق) دەروانێو دڵنیام، مامۆستای تری لەو جۆرە ش کەم نین، کارەسات لەوەدایە کەسبەینێ لەکاتی (تصحيح) ی دەفتەرەی قوتابیەکاندا ئەو جۆرە دارشتنانە نمرەی (١٧و ١٨و ١٩ لە ٢٠) یان بۆ دابنرێ!! باشە ئەگەر مامۆستایەک لەکۆنترۆڵ ئەو دارشتنەی بەتەواوی خوێندەوە یەکسەر بیر لەوە ناکاتەوە، کەئەو دارشتنە بەنەفەسێکی شۆڤینیانەی بەعسیانە نووسراوەو بەوەش نمرەیەکی زۆر کەم بەقوتابیەکە بدات، لێرەدا مافی قوتابی کێ دەیپارێزێ بۆیە ئەگەر ڕووخانی رژێم بەشی هەرە ئاسانی هێنانە ئارای گۆڕانی بنەڕەتی بێت لە عێراقدا ئەوا بەشە گرانەکانی ئەو گۆڕانە، خۆی لەنەهێشتنی ئەوکلتورەی بەعسیزمدا دەبینێتەوەو باشترین سەنگەرێك، کەلێیەوە شەڕێ نەهێشتنی ئەو کەلتوورەی لێ بکرێت، سیستەمی پەروەردەیە.**


حرية العراق
ان الحرب التي نشبت في الآونة الاخيرة بين العراق وامريكا كانت
نتائج تفاقم لاسباب بينها منذ سنة ١٩٩١ باحتلال الكويت من قبل
الحكومة العراقية، ومنذ ذلك الوقت تفاقمت هذه الاسباب بين البلدين
ما ادت الى عدم وجود الاستقرار الامني والسياسي والعسكري في
منطقة الخليج العربي عامة والعراق خاصة، وفرض الحصار الاقتصادي
على العراق من قبل المجتمع الدولي لضغوط امريكية ولازال الحصار
مفروضاً لحد الآن. ولهذه الاسباب المعلنة وغير المعلنة جاءت هذه الحرب
تحت شعار (حرية العراق) وهي الحرب الثالثة على العراق، وانتصر
امريكا على العراق لاسباب نعرفها جيداً ان لم نتجاهلها منها رعاية
مصالحها الاقتصادية والسياسية في المنطقة، وكذلك تأمين حماية أمن
اسرائيل، وكذلك انهاء توازن القوة في الوطن العربي لقوة اسرائيل
لان الدولة الوحيدة في الوطن العربي كانت هي العراق بوحدها لديها
توازن القوة مع اسرائيل ولهذا ابتدء الحرب على العراق في صبيحة يوم ٢٠/
٣ باسم حرية العراق مما ادت الى سقوط الحكومة العراقية برمتها خلال عشرين
يوماً واصبح العراق تحت يد الجيش الامريكي، ونتمنى من الله عز وجل ان يفرج
علينا هذا الكرب وعودة العراق الى حياتها الطبيعية امنياً وسياسياً [illegible]

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**